# رۆڵی سۆشیال میدیا له خستنه رووی بیری سیاسی لای گەنجان
# فەیسبوك به نموونه

ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین
زانکۆی جیهان – هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

**پوخته**

له دونیای ئەمڕۆدا بەهۆی فراوانی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و لەنێویشیاندا فەیسبووك ، جیهان بۆته گوندێکی بچوك، ئەمڕۆ دیاردەی کۆمۆنیکەیشن و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن له باشترین حاڵەتدان و گەیشتونەته لوتکه ، ئەمەش بەهۆی شۆڕشی زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێوەیه که جیهان بەخۆیەوە بینیوێتی ، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك یەکێکه لەو هۆکارانەی که توانیویەتی کاریگەری بەرچاو دابنێ و مەودای نێوان نێرەر و وەرگر تەسك بکاتەوە و لێکیان نزیك بکاتەوە ، ئەمەش بەوەی که کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت لایەنی ئابوری چینەکانی ناو کۆمەڵگا داناوە، یەکێك له تۆڕە گرنگەکانی سۆشیال میدیا ، که لەمڕۆدا کاریگەرییەکی زۆر بەجێدەهێڵێت لەسەر بەکارهێنەرەکانی فەیس بووك ، کەله ئێستادا زۆربەی کۆمەڵگاکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە ، بێگومان قوتابیانیش وەك هەموو توێژێکی تر تێکەڵ بە دنیای فەیس بووك بوون ، که له ئێستادا ڕیزبەندیەکی گرنگی وەرگرتووە ، بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆی هەیه لەسەر بەکارهێنەرەکانی جا ئەو کاریگەریان خراپ بن یان باش.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (96) قوتابی بەشی ڕاگەیاندنی له کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدینی وەرگرتووە وەك سامپڵێك و پاشان بە بەرنامەی (spss)وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی کەله فۆرمی ڕاپرسییەکەدا هەبوون دەستکەوتووە کەبە شێوەیەکی شیکاری و مەیدانیی ئەندامی داوە.

**کلیلی وشەکان**: رۆڵی سۆشیال میدیا، بیری سیاسی، گەنج، فەیسبوك

## پێشەکی:

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یەکێك لەو گۆڕانکارییه نوێیانه بوون له بواری ئینتەرنێتدا هاته ئاراوە, ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانه به شێوازێکی ئەکتیف کاریان کردووە ,توانیویانه کاریگەرییان هەبێت له گۆڕانکارییه سیاسییەکان که لەم دواییەدا له ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت له کوردستان ڕویاندا

DOI: 10.24086/cuesj.si.2018.n1a22

ئەوەش وای کردووە کە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن ئاسان ترو خێراتربێت و بەکارهێنەر بتوانێت بە ئاسانترین شێوە ئەو پەیامەی کە مەبەستێتی لە هەرکاتێکدا بێت بە بێ بوونی سانسۆر بینێرێت

فەیسبووك یەکێکە لەو تۆڕەکۆمەڵایەتییانەی کە نێرەرو وەرگر بە شێوازێکی زۆر خێرا دەتوانن پەیامەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن ئەم کەناڵە پەیوەندییەکی جەماوەری گەورەی دروست کردووە کە پرۆسەی گواستنەوەی ڕوداوەکان ئاسانتر دەکات .

پسپۆرانی بواری رۆژنامەنووسی فەیسبووك بە ژانەرێکی نوێ دادەنێن, بەو پێیەی خێراترین و بێسانسۆرترین هۆکاری پەیوەندیکردن و گەیاندنە کە تاکەکەس (بەکارهێنەر) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت وەك ئامادەکارو سازێنەر و نێرەر, لە هەمانکاتدا خێراترین ڕێگەیە بۆ وەرگرتنەوەی فیدباك لە ڕێگەی چەمکەکانی (like ,comment,share) لەچاو ژانەرەکانی تری ڕۆژنامەنووسی .

هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە نێویاندا (فەیسبووك)کاریگەری خێراو بنەڕەتی هەبێت لە ڕووداوە سیاسییەکاندا ,وەك بەهاری عەرەبی و خۆپیشاندانە دوو مانگییەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی کە بە خۆ پیشاندانی حەڤدەی شوبات بەناو بانگ بوو .

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە خستنە ڕووی بیری سیاسی لای گەنجان) فەیس بووك بە نموونە لە سێ بەش پێکهاتووە ,بەشییەکەم لە میتۆدی توێژینەوەو بەشی دووهەم لە تیۆری و بەشی سێهەمی توێژینەوەکەش برتییە لە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە .

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

تاکێشە نەبێت توێژینەوە هیچ بەهایەکی نیە، کاتێك توێژەر کێشەیەك هەڵدەبژێرێت کە بتوانێت بەگرتنەبەری ڕێو شوێنی زانستی هەوڵی چارەسەرکردنی بدات بەشێوەیەکی زانستیانە کێشەی ئەم توێینەوەیە بریتیەلە نەزانینی ڕادەی ڕۆڵی سۆشیال میدیا لەدەرخستنی بیری سیاسی لای گەنج، و هەروەها کاریگەری سۆشیال میدیا لەئاڕاستەکردنی گەنجان و گۆڕێنی بیری سیاسی گەنج وە بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوە هەیە لێرەدا هەوڵدەدەین بیخەینە ڕوو وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە کە تایبەتن بەم بوارە.

**دووەم: ئامانجی توێینەوەکە**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستکەوتنی ئەنجامێکە سەبارەت بە ڕادەی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانەی کە سۆشیال میدیا هەیەتی بەرامبەر توێژی گەنجان دا لەمەجالی بیری سیاسیدا، دەیەوێت بەشێوەیەکی زانستی ڕۆڵی سۆشیال میدیا لەئاڕاستەکردنی گەنجاندا و وە گۆڕینی بیری سیاسی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن گەنجانەوە بزانرێت.**

**سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە**

**هەرتوێژینەوەیەك گرنگی خۆی هەیە ئەم توێژینەوەیەش هەوڵدەدات ڕادەی ئەو ڕۆڵ و گرنگیانەمان بۆ دەرخات کە سۆشیال میدیا هەیەتی لەلای توێژی گەنج سەبارەت بە بیری سیاسی لەو بوارەدا ئەنجامی ڕۆڵ بینینەکەمان دەست دەکەوێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە کەمی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە. گرنگی بابەتەکەرەداکان کەسانی ئەکادیمیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن .**

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوە**

**بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە زانستیەکان لەم توێژینەوەیەدا پشت بەمیتۆدی زانستی بەستراوە هەروەك هەموو توێژینەوەکانی تر ئەم میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێ وەردەگیرێت میتۆدی وەسفییە و لەرێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە جێبەجێ دەکرێت.**

**پێنجەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە**

**کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە گەنجانی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر**

**شەشەم: سامپڵی توێژینەوە**

**ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە بەشێك لەقوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بەشی ڕاگایاندن هەر چوار قۆناغەکە.**

**حەوتەم: ئامرازی توێژینەوە**

**ئەم توێژینەوە بەمیتۆدی وەصفی کراوە بە فۆڕمی ڕاپرسی.**

**هەشتەم: ڕاستی توێژینەوە**

**توێژەر کار لەسەر ڕاستی دەرەکی دەکات بۆ ڕاستی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، کە فۆرمی ڕاپرسی یە کە دەلالەتە لە وەلأمدانەوەی سامپڵی توێژینەوە و پرسیاری توێژینەوە، سەرەتا بە دەست نیشانکردنی پرسیارەکان و پێدا چونەوەی لە لایەن توێژەرەو پاشان هەڵسەنگاندنی لەلایەن سەرپەرشتیار و دیاری کردنی بڕگەکانی کە بڕگەی فۆرمەکە پێك هاتووە لە**

**(56) بەند لە لایەن کۆمەڵێك پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن کەپێهاتبوون لە* کە هەریەکێکیان پسپۆڕی جیاواز لە بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی، هەڵسەنگێندراوە، دواتر بۆ هەریەکێك لە بڕگەکان ڕاستی دەرهێندرا، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تێبینیانەی کە هەریەك لە مامۆستایانە خستویانەتەڕوو، لە و ڕێگەیشەوە بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی دەرکەوت بە ڕێژەی لە (93٪) .**

**نۆیەم: جێگیری ئامرازی توێژینەوە**

**بۆ درەهێنانی جێکیری ئامرازی توێژینەوە توێژەر شیوازی دوو بارەبوونەوەی بەکار هێناوە ئەویش بە شێوازی دابەش کردنی (20) فۆرم بە سەر (20) قوتابی نیر و مێ بەشی راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە داوی (21) رۆژ لە جێ بەجێکردنی یەکەم.**

**دوای بەراورد کردنی هەردوو جێ بەجێکردنەکە دەرکەوت بە ڕێژەی لە (97٪) هاوتای یەکتر بوون.**

**کەرسەی ئاماری:.**

**توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیری پشتی بە فاکتەری پەیوەست بوون (سپیرمان) بەستوە :-**

$$r=1-\frac{6\times {}^2f}{n(n^2-1)}$$

**وەڕێژەی سەدی بە کارهێنراوە (٪)** $\frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times 100$

---

[*] 1- سامان جەلال، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، راگەیاندن، ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

2- پ.ی.د. محمد حسێن، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، کۆمەڵناسی، ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

3- پ.ی.د.جوان ئیسماعیل بەکر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، کۆمەڵناسی، ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

**دەیەم: ناساندنی چەمکەکان**

*ڕۆڵ:-*

**دەرئەنجام یان پرۆسەی کارلێکی کۆمەلآیەتەی کەتاکەکان پێی هەڵدەستن و لەکاتێکدا کە مرۆڤ لەپرۆسەی کارلێکی کۆمەلآیەتیدایە لەگەڵ ئەوانەی دی ئەو شتەی کەلێی بەرهەم دێت کەپێی دەوترێت ڕۆڵ .[1]**

**ڕۆڵ:- بریتیەلە سیستمی ئاراستەکردنی گشتی بۆتاکی کارا کەرێکدەخرێت لەبارەی پێشبینی کردنی گروپ لەپەیوەندی و کارلێکردنەکانی لەگەڵ گروپەکانی دیکە لەچوارچێوەی پێوەر و بەهاییەکانی لەپرۆسەی کارلێك بەرێوەی دەبات کەواتە ڕۆڵ ڕەفتار و کردەوەی تاکە لەهەڵوێستێکی دیاریکراودا پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان دیاریدەکات.**

***سۆشیال میدیا:-***

**دیموکراتکردنی ناوەڕۆك و تێگەیشتنی بۆ ئەو ئەرکەیە کەمرۆڤەکانی تەنیا کارلەسەر خوێندن و بلآوکرنەوەی زانیارییەکان دەکەن بگرە چۆن ئەوان بۆ خۆشیان لە خولقاندن بەشدارن لەناوەڕۆك کەئەو زانیاریانە دەکەن کەبەهۆی کەسانی ترەوە ئافرێنن هەروەها بەم جۆرەش پێناسەی بۆ دەکرێت. کەلەرێگەی تەکنیکیەوە لێك نزیك بوونەوەی کۆمەلآیەتی و وەرگرتن و پێدانی زانیاری بەیەکتری لەنێوان مرۆڤەکاندا بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوور و جوگرافیا دێتە گۆڕێ.**

**ئەو پەیوەندییە کەلەلایەن ملیۆنان لەمرۆڤەکاندا لەرێگەی ئینتەرنێتەوە پێکدێ، هەروەها هونەری گرتن و پێکهێنانی چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە[2] :-**

***سیاسەت و چەمکی سیاسەت:***

**بنەڕەتی وشەی سیاسەت لەوشەی یۆنانی Police واتا شار وەرگیراوە لەروانگەی یۆنانیەکانەوە سیاسەت زانستێك بوو پەیوەندی بەکاروباری شارێکەوە هەبوو. بەم پێیە لێکچوونێك هەیە لەوشە یۆنانیەکەو زمانەکانی تردا لەسەر ئەم وشەیە کەبەمانای دەوڵەت یان شار دێت کەلەزوودا یۆنانیەکان بەکاریان هێناوە ئاشکرایە کەپەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان سیاسەت و دەوڵەتدا هەیە هەرکاتێك وشەی سیاسەت یان سیاسی بەکاربێت مانای هاولآتی گەیاندووە یۆنان ئەرکێکی ئەخلاقی نیشتمانی بووە. [3]**

---

[1] عمر علی احمد: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژندا، نامەی ماستەر لەزانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی 2012 لا 9 .

[2] سیارەش گردەرزی، پێشچوونە سیاسییەکان، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، چ1، 2012، لا119 .

[3] رابەر تەلعەت، گەنج و بەشداری سیاسی، توێژینەوەی مەیدانی هەلێر، 2006، ل13 .

***بیری سیاسی :-***

**کۆمەڵێك خواستی نمونەی هاوبەشی مرۆڤایەتی نێونەتەوەیی و ئایینی و فەلسەفی لەئازادی و مافەکانی تاکەکەس و وەیەك هیشەکان و بەیەکسانی نەتەوەکان و پێشکەوتن و هاوکاری دەردەبڕێت و هەروەها ئامانجی تاکەکەسی.**

***چەمك و پێناسەی گەنج :-***

**بەگوێرەی پێناسەیەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی Who داڕستان لەجیهاندا نزیکەی یەك ملیار کەسی گەنجن تەمەنیان لەنێوان 15 تا 24 ساڵیدا کحەنزیکەی لە 18-17٪ ڕێژەی دانشتوانی گۆی زەوی پێکدەهێنن یان زیاتر لەسێ یەکی دانشتووانی سەر زەوی کەوا هەڵدەسەنگێنرێن قەبارەی گەنجان لەنێوان ساڵی 1995 بۆ 2000 ڕێژەی زۆر زیاد کردووە.** [4]

**هەموومان دەزانین گەنج کێیە گەنج زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی نیە بەڵکو وشەیەکی گشتگیرە، کە ڕۆژانە لەدەرگاکانی ڕاگەیاندن بەرچاومان دەکەوێت و لە گفتوگۆکاندا بەرگوێمان دەکەوێت وشەی گەنج وەك لەفەرهەنگدا هاتووە وەك ئەوەی کە تۆ لەتەمەنی گەنجێتیدا، چیتر لەو بارەیەوە ئەزانێت لەکێشە سۆسیۆلۆجیەکاندا کاتێك دەردەکەوێت کەبمانەوێت سیفەتێکی وردبینی لەسەر زاراوەیەکی گشتگیر بۆ گەنج دابنێین بۆ ئەوەی زیاتر بۆمان ڕوون ببێتەوە لەفەرهەنگدا دەمانباتەوە سەر خاڵی سەرەتا، ئەویش ئەوەیە کە گەنج زاراوەیەکی تایبەتمەندە بەکۆمەڵە کەسێك لەخەڵکی لەتەمەنێکی دیاریکراو دەڵێن گەنج بۆئەوەی جیابکرێنەوە لەتوێژە تەمەنێکی تر وە منداڵ و هەرزەکار و گەورە.** [5]

**تەنها یەك پێناسەهەیە بۆگەنج، بۆیە چەند پێناسەی ئاڵۆز و گران هەیە بەدەست نیشانکردنێکی ڕوون بۆ ئەم چەمکە هەروەها ڕێك نەکەوتن لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك جیاوازی لەئامانجە ڕاگەیاندراوەکاندایە لەیەکێك لەپێناسەکاندا بەم شێوەیە:-**

**گەنج : لاوێتی ماوەی تەمەنی نێوان سیازدە هەتا بیست و پێنج ساڵی لەخۆدەگرێت لەڕوانگەی کۆمەڵناسی لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە هاوکات لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوت و تیڕوانینی تایبەت بۆیە خاوەنی گرنگیە.** [6] **پێناسەیەکی تر سەبارەت بەگەنج :- بریتیەلەوتوێژیەی کبەبەردی بناغەی داهات و کلتور و یاسا و دەستوورەکانی داهاتووی وڵاتی خۆیانن لەئاستە جیاوازەکان کەلەهەرنەتەوەیەکدا هەن.** [7]

[4] میشل هارا مبوسي، التجاهات العديدة في علم اجتماع، ترجمة احسان محمد و عبدالنعمان للحسنة بغداد، ص411.

[5] سەعد عبداللە گوڵپی ڕۆژنامەی هاوڵاتی (سرپنەوەی گەنج لەهزری دەسەڵات) ژمارە (1794)..

[6] رابەر تەلعەت، گەنج و بەشداری، چ1، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە 2006 لا19 .

[7] سەعد عبداللە گوڵپی ڕۆنامەی هاوڵاتی (سرپنەوەی گەنج لەهزری دەسەڵات) ژمارە (1794).

## بەشی دووەم: چەمك و پێناسەی بیری سیاسی

### پاری یەكەم : بیری سیاسی چیە ؟

سیاسی بوارێكی سنوور تەماوییە. ئەوەی سەختەرێی نووسینەوەی باسی سەرانسەری مێژووی بیری سیاسی بگرێتە بەر، خۆی بەرانبەر چەند دووڕیانێكی دژوار دەبینێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نووسەرێك گەر وێڵ بێت دەتوانێ ڕێچكەی یەكێك لەنەریتە دامەزراوەكان هەڵبژێرێت چونكە هەتا ئەمڕۆ دەستەكتێبێكی بی~ەژمار دەربارەی گەشەكردنی بیری سیاسی نووسراوە. دەی بابزانین ئەو ڕێبازانە كامەن كە نووسەرانی مێژووی بیری سیاسی كردوویانە بەڕاستەڕێ. [8]

ڕێبازی هەرە گەورە و سەنگین بەئاسانی جوودا دەكرێتەوە. بەپێی ئەم نەریتە ئەركی یەكەمی مێژووی بیری سیاسی ئەوەیە شەجەرەی بیری سیاسی هاوچەرخ ڕوون بكاتەوە. كامەیە ڕەگ و ڕیشەی بیری دیموكراتی ئەم سەردەمە؟ گەر جیپێی بیری یەكسانی هەڵبگرینەوە سەر بەكوێوە دەنێین؟ ئایە هێگل پیری هیتلە و فاشیستەكان بوو؟ ئایە مەكیافێللی و هۆبز پێشبینی دەوڵەتی توتالێتاری ئەم سەردەمەیان دەكرد؟

بەدبەختی ئەم نەرتە لەوەدایە كەوەرامی پرسیارەكان لەنوێنەرێكەوە بۆ یەكێكی دیكە دەگۆڕێن و بەلگەی ئەم یان ئەو وەرام تەماوی و بزۆزن. یەكێكیان دەڵێ: لەئەتێن — یۆنان — لەسالآنی سێسەد و چوارسەدی پێش زایین، ئەم دنیای بیرە هاتە دامەزراندن و لەو دەمەوە هەتا ئێستا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە. ئەوەی دیكە دەڵێ: بنەمای تێڕوانینی سیاسی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناڤین، كاتێك زانایان لەسەر پرسی سەرچاوەی دەسەلآت كەوتنە ململانێ: سەرچاوەی دەسەلآت لەژوورە یان لەژێرە، خودایە یان میللەتە. سێیەم دەچێتەوە بۆ لۆك Looke و سەردەمی ڕۆشناكی enlightenment، چوارەم بۆ ئایدیۆلۆگیستەكانی سەدەی نۆزدەیەم، پێنجەم دەڵێ سیاسیەتی سەردەم "ئایدیۆلۆگی بەدەرە" و سەدەی بیستەم بەسەدەیەكی ئازاد و سەربەخۆ دادەنێ.

مەبەستی ئەم ڕێبازە ئەوەی مەسەلەی ڕەگ و ڕیشەی بیری سیاسی بباتەوە سەر پێوەندی كۆمەلآیەتی و ئابووری واتە دەیەوێ بنجوبناوانی بیری سیاسی ڕوون بكاتەوە. بەم ڕێبازە بێت ئەوا هەموو مێژووی بیری سیاسی بریتیەلە ڕەنگدانەوەی فراژووتنی كۆمەلآیەتی و ئابووری. [9]

ناكرێ بەشیكردنەوەیەكی مایەكی (ماددی)ی وەها ساكای مێژوو بگوترێ شیكردنەوەی ماركسییانە. مەسەلەی بنەمای بیری سیاسی مەودایەكی یەكجار بەرتەسكی هەیە چونكە مێژووی بیری مێژووی سیاسیەت. [10]

سیاسەت، زاراوەی سیاسەت لە وشەی یۆنانی پۆلیس واتا شار وەرگیراوە لەڕوانگەی یۆنانیەكانەوە سیاسەت زانستێك بوو پەیوەندی بەكاروباری شارێكەوە هەبوو. بەلآم لەیۆنان شار و دەوڵەت قابیلی لێكجیابوونەوە نەبوون یۆنانیەكان لەچەند

---

[8] سێڤین ئیرك لویمان : ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێرانی ئاسۆس كمال، چ1، 1972، سوید، ستۆكۆلم، لا3 .

[9] زاهیر محمدی، فەرهەنگی سیاسی، وەرگێرانی یاسین حاجی زادەر، بێ شوێنی چاپ، لا152 .

[10] د. كمال مەنوفی : تیۆرەكانی سیستمە سیاسییەكان، وەرگێرانی ئاوات محمد، چ1، چاپخانەی یاد، 2007، ل25 .

جێگایەکدا دەژیان کەئێمە ئەمڕۆ ئەو شوێنانە بەر (شار، دەوڵەت) ناو دەبەین (دەوڵەت) ویان شارێك و زەوییەکانی دەوروبەری دەگرتەوە جگە لەوەش وشەی پۆلیس لەزمانی یۆنانی دا تەنها شاری دەگرتەوە بەمانای (قەلا، دەوڵەت) کۆمەڵ بەکاردەهات، هەندێ لەتوێژەران دەڵێن کەوشەی پۆلیس لەبەڵگەنامەکانی ئەسینادا بەتایبەتی بەمانای کۆمەڵگەی سیاسی ولاتێك لەبەرامبەر ولاتەکانی تردا یان بەمانای (کەسێتی نێودەوڵەتی) ولات بەکارهاتووە لەبارمبەر ئەویشدا (دیمۆس، دیموکراس) بەکۆمەڵێ ڕێکخراوی ناوخۆی ولاتێك وتراوە. لێرەوە سیاسەت بەمانا یۆنانیەکەی بریتیەلە زانستی حوکم کردن بەسەر شاردا.

سیلی ئەم واتایەی دەربڕیوەو (سیاسەتی) ناوناوە (زانستی شارەکان) هەورەها (ابن سینا) وشەی police (العلم المدنی) وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.

بەڵام چەمکی پەسەندکراو بەکارهێنراوی ئەمڕۆی سیاسەت زۆر فراوانە چونکە لەئەمڕۆدا وەك (ڕۆبەرت داڵ) دەڵێت :- سیاسەت یەکێکە لەو ڕاستیانەی ژیانی مرۆڤ کە خۆلادان لێی ئەستەمە چونکە مرۆڤەکان لەهەر ساتەوەختێکدا لەگەڵ جۆرێك مەسەلەی سیاسی ڕوو بەڕوو دەبنەوە بۆنموونە کاتێك دەوڵەت حەزی لەسیاسەتە مەبەست لەمە ئەوەیە کەبایەخ بەمەسەلە هەنووکەییەکانی ولات دەدات وەك هاوردە و هەناردە وە، مەسەلە پەیوەستەکانی کاروکرێکار، پەیوەندییەکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن لەگەڵ دەسەلاتی یاسادانان چالاکی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان زۆر مەسەلەی تر لەبابەتی چالاکی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی دەوڵەت .[11]

لەم مانایەدا سیاسەت لەزانستێك بلاوترە سیاسەتمەداریش ئەوکەسەیە کەلەو جۆرە مەسەلانەدا بەشداری کاریگەر دەکات و بڕیاردەدات ئەگەر هەرچی دوور نیە شارەزاییەکی ئەوتۆی لەبنچینە و بنەماکانی زانستی سیاسەت دا نەبێت بەم پێیە ئەم بەکارهێنانە هەم مانای زمانەوانی هەم بەکارهێنانی گشتی سیاسەت لەبابەتی ڕاستەقینە و واقیعدا زانستی سیاسەت فراوان تر دەکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەی ئەم و مژەی هەندێ لە توێژەرانی هاوچەرخ لەسەر ئەوەیە یەك دەنگ دەبن کەخوێنەر بەلێکۆڵینەوەی سیاسییەکان لەکارەسیاسییە هەنووکەییەکانی جیابکەنەوە. ژمارەیەك لەو توێژەرانە لەو باوەڕەدان کە بەجیاکردنەوەی سیاسەتی تیۆری و سیاسەتی پراکتیکی دەتوانرێت ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

هەندێ لە توێژەرانی فەرەنسی لەو باوەڕەدان کەزانستی سیاسەت بەتەنیا بەس نیە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان کە پەیوەستن بەکۆمەڵگەی ڕێکخراوی مرۆڤایەتیەوە پەیوەستن بەزانستی سیاسەتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە زانستی سیاسەت، کۆمەڵناسی، ئابووری، ڕەوشت، دەروونناسی هتد .. هەموویان بریتین لە (زانستە سیاسییەکان) بەم زانستانە ئەم زانستانە نەك تەنها پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەڵکو بەیەکەوە پەیوەستن. [12]

---

[11] د. کمال پولادی : مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا لەسوکراتەوە تا ماکیاڤیلی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005، ل48 .

[12] ستیفن ئیرك، ڕێگوزەری بیری سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل58 .

**گەنج و پرسی بەشداری سیاسی**

گەشەسەندنی سیاسی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەبنەمای بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت، چونکە لانی کەم بەهۆی ڕەوەندەکانی بەشداری سیاسییەوە کەبەسەنتەربوونی ئابووری و گۆشەگیربوونی کۆمەڵایەتی لەبەرنبەر دروستکردنی بڕیار و ڕاپەڕاندنیدا نامێنێت. نزیککەوتنەوەی هەرچی زیاتری تاکەکان لەناوەندی سیاسی و تەعاملوکردنیان لەگەڵیدا، ئاماژەکانی دیموکراتیزەبوونی بونیادەکانی کۆمەڵگە و نەریتەکانی دوویات دەکاتەوە. ئەمڕۆکە گەنجان بەهۆی دابڕانی زۆریان لەو ڕەوەندانە و بگرە لەئاگایی سیاسی دووچاری نیگەرانییەك بوونەتەوە کە زۆر جار لەبری تەعویزکردنەوەی کە هۆکارەکانی ئاشکرایە، خەتاکەی بەشێوەیەکی ڕەها دەخەنەوە ئەستۆی حکومەت و حزبە باڵادەستەکان[13]

سیاسی لە زۆر ڕێگەوە دەبێت، چ لە ڕێگای لە ڕێگای دامەزراوەکا و ڕەوەندەکانی جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا مامەڵەکردن جیایانەشدا دەکەوێتە سەر توانستی فیکریی دەچیێتە ژێر کاریگەرییەکی سلبییەوە چ کاتێك هەلومەرج لە بەرچاودەگرێت دەزانێت یا چ کاتێك پرسی نەتەوەیی پرسی تاکە کەسییەوە ،هتد.

بەرپرسی کەپێی دەوترێت هاوڵاتی، خودی وەزیفەکەش بریتیەلە وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی دیموکراسی و لێرەوە چالاککردنی نەریتە دیموکراتی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگە.

ناکرێت گەنجان تەنیا لەڕێگەی پۆشینی مۆدێلەکانی جل و بینینی ئاپارتمانە بەرزەکان، شەقامە ڕووناکەکانی شەو هیتر بیر لەئامادەیی مەدەنییەت بکەنەوە، لەکاتێکدا کە هێشتا ئاسایشی وڵات لەژێر مەترسیدایە، هێشتا خێزانەکان و کەیلەکان دڵنیا نین لە ڕۆیشتن بۆ پارکی گشتی و هۆڵەکانی سینەما، تا ئێستاش زۆرێك لەو گەنجانەی تەخەروج دەکەن خۆیان لەسەر گەردانیدا دەبیننەوە و گومان لەژیانی ڕابردوو دەکەن.

زۆرێك لەگەنجانی ئەمڕۆ وادەزانن بەرۆیشتن لەسەر ڕەوتی دوایین مۆدێلی ئۆتۆمبێل و مۆبایل و کێشانی جگەرەی چروت ئیتر بەشێوەیەکی مۆدێرن دەژین و لەم ڕووەوە لەسەر حسابی ڕێبازێکی جیهانییانە دەژین و لایەنی نەتەوەیی و زۆرێك لە کێشەکانی لەبیر دەکەن لەکاتێکدا ئەم کێشانە گرەنتییەکن بۆ پرسە ناوەکییەکانی تر. لەم قۆناغەدا کوردستان بەرەو ئازادی سیاسی هەنگاو دەنێت ئەرکی سەلماندنی ئەم ئازادییەش دەکەوێتە سەر خەڵکانی چالاك، ئەم ئازادییە هەروەکو ئۆکڤیل.

تاکە ڕێگەیە کە بتوانێ خەڵکی لە ڕۆتینییەکانی پەیوەست بە کاروباری تاوەکو ئەوان هەموو کاتێ بتوانین بوونی هەموو بوونێکی ترەوە هەست پێبکەن و ئازادییەکە کە ئەشق بۆ رەفاه دەگۆڕێت بۆ بەشدارییکردنی کۆمەڵگای قەزیەی سیاسی نەتەوەکەیدا هەم لە لە ئاستی ناوخۆییدا جەخت لە ئامادەیی دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تێکڕای .

---

[13] ڕابەر تەلعەت، گەنج و بەشداری سیاسی لێکۆڵینەوەی مەیدانی یە، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006، ل22 .

خەون بە بەدەستهێنانی باشترین کاری گونجاو بۆ بڕوانامەکەی نەبینێت ؟ گەنجێك هەیە بیر لەزۆرترین ساعاتی سەرگەرمی و ڕێست نەکاتەوە، نەیەوێت مۆدێرنترین شانۆی و سینەمای مۆدێرن لەشارەکەیدا نەبێت؟ ڕێستۆرانتی کراوەتر و پارکی گشتگیر لەوڵاتەکەیدا نەبێت ؟ ئەمانە ئەو بەهایانەن کەبەبێ هەنگاو نان بەرەو سەردەمێکی مۆدێرنتر و مەدەنییتر هیچ بنەمایەکیان نابێت، بەبێ هۆشیاربوونەوەی سیاسی تاك و دواجار بەشداربوونی لەڕەوەندە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا هیچ تەعبیرێکی مەدەنییان نییە.

پێویستە گەنج ئەوە بزانێت تەنیا لە ڕێگەی چوونە ناو پرۆسە سیاسییەکان و شکاندنی سەنتەرەکانی ئەو پرۆسانە و ستاندنەوەیان حلەهەندێ شەخسی مۆنۆپۆلیست، ئاسایش دابین دەکرێت، تیرۆریزم و مەترسییەکانی لەناو دەچن، دیموکراسییەکی کارتۆنی دەبێتە زۆرترین چانس بۆ چالاکترین توێژەکانی کۆمەڵگا. لێرەوە گەنجی خۆشگوزەران دەبێت ئەوە بزانێت، هەر وەکو (ئەنتۆنی گیدنز) دەڵێت : کە هەرچەندە بەجیهانبوون دەلالەت لەکۆمەڵێکی جیهانی دەکات، بەڵام نایهێنێتە کایەوە بۆیە خۆرئاوا ناتوانێت جیهانی خۆی بە مێژووەکەیەوە پێشکەش بە ئێمە بکات وتەنیا لە ڕێگەی هەوڵی.[14]

دروست بکەین تۆ دەتوانێت وەکو قۆڵ بخەیتە قۆڵی هاوڕێ کوڕەکەت بەڵام کچە کوردێك لە توندڕەوی نەریتگەرایی و لگەکەت ڕزگار بیت ئەتوانیت ئۆتۆمبێلی بارێکدا کە هەموو کاتێك ئەگەری کات لە ئارادایە .

لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا مەیلی بە جۆرێك بێت عەشقی بەدەستهێنان و کردنی خۆشگوزەرانی وچێژە مادد‌ییەکان ئەو مەیلانەش پەیتا پەیتا لەناو هەموو نەتەوانەوە و دواجار چینە نامۆکانی.

کەواتە کارکردن لەبوارەکانی دیموکراسییدا تەنیا بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانییەکی پەتی نییە ئەوەندەی پاراستنی میکانیزمەکانی ئەو ئامانجەش لەپشتە، ئەگەر توێژەکانی کۆمەڵگا ویستی دابڕان لە خودئاگاییان نەبێت ئەوا نابێت بڵێن سیاسەت کاری ئێمە نییە، بگرە سیاسەت کاری هەموو تاکێکی نیشتمانییە. دابڕانی سیاسەت لەکۆمەڵگا جگە لەچەمکە پەتییەکانی رعیە و مێگەل هیچی تری لێناکەوێتەوە.

پێویستە ئەوە بزانرێت کە چارەسەربوونی کێشەی نەتەوەیەکیش، نەك هەر هەر چارەسەری کێشەی چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیەشی بەدواوە دەبێت بگرە ئەو کێشانەی تریش خۆیان دەسەلمێنن کە بوونیان نەبووە یافەرامۆش کراون، بگرە کێشەی تر دروست دەبێت بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن.

**پاری دووەم : ئینتەرنێت و لێکدانەوەی**

**یەکەم**: ئینتەرنێت لەوشەی ئینگلیزی (net) ەوە وەرگیراوە کەبەمانای تۆڕ دێت، ئەم ووشەیە ئێستا مانایەکی تایبەت دەبەخشێت، پاش ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ تەکنەلۆجیای زانیاریدا گرێدرا، بوو بە (تۆڕی زانیاری) یان (تۆڕی ناردنی

[14] هەمان سەرچاوەی پێشوو

تەلەفزیۆنی رادیۆیی). ئینتەرنێت تۆڕێکی زۆر گەورەیە لەدەیەها هەزار لەو تۆڕانە پێکدێت کە دەتوانرێت لەرێگەی هەزارەها کەناڵی فەزاییەوە پەیوەندییان پێوە بکرێت، ملیۆنەها ئامێری کۆمپیوتەر بەم تۆڕەوە بەستراوە کە دەرفەتی پەیوەندی لەبەردەم حکومەت و دەزگا و دامەزراوە سەربازی و رۆشنبیری و بازرگانیەکاندا دەرەخسێنێت بۆ سوود وەرگرتن، هاوکات لەگەڵ هەمە جۆری ئەو کەسانەی سوودی لێدەبینن. [15]

زاراوەی (Internet) لەزمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی لێکدراوە و لەکورتکراوەی وشەکانی (International Net Work) دروست بووە و بەمانای تۆڕی جیهانی (الشبکة العالمیة) دێت، کەئەم مانایەی گشتگیر و پراوپڕە و بەمانای (پەیوەندی نێوان تۆڕەکان) دێت.

تۆڕی ئینتەرنێت دوو شێوازی هەیە :

**یەکەم** : تۆڕی لۆکاڵیە کەلەسنوورێکی دیاریکراودا بەکاردێت (Local Area).

**دووەم** : (Networks Lan) کە چەندین تۆڕی لۆکاڵی پێکەوە گرێ دەدات و لەسنورێکی بەربلاّودا کاری پێدەکرێت و لەرێگەی تەلەفۆن و مانگی دەستکردەوە سوودی لێوەردەگیرێت.

ئینتەرنێت تۆڕێکە لەتۆڕەکانی (New work of Networks) دایکی هەموو تۆڕەکانە، کەلە هەناویدا ملیۆنان سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان لەولاّتانی دونیادا پێکەوە دەبەستێت، بۆ پێکەوە بەستنی سەرجەم ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان لەگەڵ یەکتریدا، بەردەوامیش لەکاردایە بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان سەرجەم لایەنەکانی تۆڕەکاندا. [16]

**دووەم : کورتەیەك لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت**

جیهان سێ شۆڕشی بەخۆیەوە بینیەوە بۆ پاراستنی زانیارییەکان و گواستنەوە و دەستەبەرکردنیان، یەکەمیان پێش هەزار ساڵ لەپەیداکردنی وشەی نوسراودا بووە، دووەمیشیان پێش سەدان ساڵ لە داهێنانی چاپ، سێیەمیان ئێستا لەسایەیدا دەژین ئەویش شۆڕشی ئینتەرنێتە.

ئینتەرنێت وەك دەرهاویشتەیەکی شەڕی سارد هاتە ئاراوە لەنێوان هەردوو بلوکی سوسیالیستی و خۆرائوادا، بەتایبەت لەساڵی 1969 کاتێك لەسەر داوای ئیدارەی ئەمریکا، ئاژانسی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پرۆژە پێشکەوتووەکانی (area) دانا، توانی چوار تۆڕی کۆمپیوتەری پێکەوە ببەستێتەوە و بەسەر چوار ناوچەی جیهاندا دابەشی بکات، ئەم هەنگاوە لەوکاتەدا ناونرا (arbanet) سەرەتا بە (ئارپانێت) ناوبرابوو، ڕایەڵەی ئارپا لەساڵی 1969 دا بوونی خۆی ڕاگەیاند

---

[15] سامان فەوزی و هێرش رەسول، میدیای ئینتەرنێت و گرفتە یاساییەکانی، کتێبی گیرفان، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – 2004 .

[16] سەرکەوت پێنجوێنی کلیکی ئینتەرنێت، چ2، سلێمانی، چاپخانەی شفان، 2004،ل32 .

**کەرایەڵەی تایبەتی زانیارییەکانی پنتاگۆن (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا) بووە، ئەمریکیەکان لەمەترسی هێرشی یەکێتی سۆڤیەتدا دایانمەزراند.** [17]

**لەکاتێکدا یەکێتی سۆڤیەتی لەساڵی 1957 دا یەکەم مانگی دەستکردی بەناوی (Sputnik) ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد، پاشان (د. ئیزنهاوەر) سەرۆکی ئەمریکا هەستی بەپێویستی دامەزراندنی ئاژانسی توێژینەوەی پڕۆژە پێشکەوتووەکانکرد کەبە (Advanced Research Project Agency).**

**سەرەتا بەسیستەمی پێکەوە بەستنی ئامێری کۆمپیوتەری و تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکان دەستی پێکرد، ئەمەش لەترسی ئەگەری هەر هێرشێکی ئەتۆمی سۆڤیەتی کەڕەنگە ڕێگەکانی پەیوەندییە سەرەکییەکان وێران بکات، بەوەش پشت بەکۆمپیوتەرە سەرەکییەکان دەبەستێت کە دامەزراوە سەربازییە ئەمریکییەکان وێران بکات، بەوەش پشت بەکۆمپیوتەرە سەرەکیەکان دەبەستێت کەدامەزراوە سەربازییە ئەمریکییەکان پێکەوە دەبەستێ، لەساڵی 1969 ARPA توانی هەستێ بەگرێدانی پەیوەندییەکە لەنێوان کۆمپیوتەرەکاندا بۆ چوار ناوەندی زانستی ئەویش ناسراو بە Arpa Net** [18]

**لەساڵی 1972 (تۆم لیسۆن) توانی ئیمەیل یان پۆستی ئەلکترۆنی بخوڵقێنێت، بەمەبەستی ناردنی نامەکان لەڕێگەی تۆڕەکانەوە، هەر لەوساڵەدا یەکەمین پەیوەندی نێودەوڵەتی لەنێوان یەکێك لەزانکۆکانی ئەمریکا و زانکۆی لەندەن ئەنجامدرا، بەمەش ئینتەرنێت ئەو جوگرافیا تەسکەی تێپەڕاند و بووە تۆڕێکی جیهانی.** [19]

**لەساڵی 1977 ئەم تۆڕە کۆمەڵێك پڕۆتۆکۆڵی پێشخست ناوی لێنا (پڕۆتۆکۆڵی سانسۆر و پڕۆتۆکۆڵی ئەنتەرنێتی). لەساڵی 1982 بۆیەکەم جار زاراوەی ئەنتەرنێت بەکارهات، کەبەهۆی ئامێرێکی بچوکەوە ئەنجام دەدرێت بە مۆدیۆم (Modem) ناسرا.**

**ساڵی 1983 ئەو تۆڕە Arpa بوو بە دووبەشەوە، یەکەمیان بەناوی Arpanet کە بۆ کاری ئاشتیخوازی بەکارهات، دووەمیان Milene کەهەمان فەرمانی جێبەجێ دەکرد، ساڵی 1986 توانرا پێنج سەنتەری کۆمپیوتەر پێکەوە گرێبدات و بووە بەردی بناغەی پێشکەوتن و دەرکەوتنی ئینتەرنێت لەئەمریکا و پاشان وڵاتانی تری جیهان.**

**ساڵی 1984 تۆڕی (ئارپانێت) کەوتە دەست دەزگای زانستی ئەمریکا و تۆڕێکی خێرای بەناوی (NSF net) دامەزراند.**

**لەناوەڕاستی هەشتاکاندا ئینتەرنێت لەوڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبووەوە بەڵام بەکارهێنانی تەنها بۆ مەبەستی زانست و لەسنوری زانکۆییدا بوو، تا ئەو کاتەی توێژەری ئینگلیزی (Tim-Burners Lee) هاتەمەیدان کەلەمەڵبەندی ئەوروپی**

(17) عبدالرزاق محمد الدليمي / الاعلام الجديد الصحافة الالكترونية، ط1، دار الوائل للنشر والتوزيع، الاردن، 2001، ص341 .
(18) محمد حافظ: التسويق عبر الانترنت، ط1، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، 2009، ص201 .
(19) طارق العيساوي، التروج السياسي عبر الانترنت، ط1، دار المواسم – بيروت , 2000, لا57.

بۆ توێژینەوەکانی وزەی ئەتۆمی لەجنێف کاری دەکرد، لەساڵی 1989 هەستا بەپەرەپێدانی پرۆگرامی (www) کەمانای (Word Wide Web) تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی دەگەیەنێت، بەو هۆیەشەوە کار ئاسانیکرا بۆ بەکارهێنەرانی. [20]

لەسەرەتادا ژمارەی کۆمپیوتەرە پێکەوە بەستراوەکان زۆر نەبوو لەساڵی 1982 ژمارەی ئەو کۆمپیوتەرانەی لەتۆڕی ئینتەرنێت بەشدار بوون لەهەزار ئامێری کۆمپیوتەر تێپەڕی نەدەکرد، لەساڵی 1990 ژمارەی تۆڕەکان گەیشتە 5000 تۆڕ و بەسەر 36 وڵاتدا دابەشبوون زیاتر لە 7000 ئامێری کۆمپیوتەریان پێوە بەسترابوو کەنزیکەی 4 ملیۆن کەس سوودیان لێ دەبینی، ئێستا ژمارەی ئەو تۆڕانەی بەئینتەرنێت بەستراوە 65 هەزار تۆڕە و ملیۆنەها ئامێری کۆمپیوتەری دیکەی پێوە بەستراوە.

ملیۆنەها کەس سوودی لێ دەبینێت لەخزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکانی، لەساڵانی 1997 دا ژمارەی کۆمپیوتەرە بەستراوەکان بەتۆڕی ئینتەرنێتەوە بوو بە 6 ملیۆن کۆمپیوتەر و ژمارەی تۆڕەکانیش بوو بە 300 تۆڕ .

یەکەمین دەرکەوتنی ئینتەرنێت لەڕێی کۆمەڵێك تۆڕی کۆمپیوتەرییەوە دەرکەوت کە لەهەفتاکانی سەدەی بیستەم دا پەرەی پێدرا بەم تۆڕەش دەوترا ئارپانت Arpant و لەژێر چاودێری وەزارەتی بەرگری هەستیار پنتاگۆن، دا دامەزرا کەهەلی دەرەخساند بۆ توێژەرانی حکومی و کارمەندانی پرۆسە سەربازییەکان، کەبتوانن ئاڵوگۆڕ و بەشداری بکەن لەفایلەکانی کۆمپیوتەردا. ئامانجی ئارپانت بەستنەوەی زانایانی کۆمپیوتەر بوو لەزانکۆ و دامەزراوەکانی دیکەی توێژینەو و بەکۆمپیوتەرە وردەکانەوە، بەجۆرێ کە دەفەرتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت بەکارایی بگەنە ئەو ئامێرانەی کۆمپیوتەر کەلەدامەزراوە لۆکاڵیەکاندا هەن.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەیەی 1989 هەشتاکان دا وایلێهات تۆڕەکە لەهەموو جێگایەك دەرکەوت و کاری لەسەر هەموو جۆرێکی کۆمپوتەر وەلەم ماوەیەداشدا دامەزراوەی نیشتمانی بۆ زانست (NSF) کەوتە بڵاوکردنەوەی پایەی سەرەکی ئینتەرنێت.

**سێیەم: هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

***تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :***

دوای ئەو فراوانبوونەی کەلەتۆڕی ئینتەرنێتدا هاتە ئاراوە، بووبە هۆی گۆڕانکاری لەشێوازی کۆمۆنیکەیشندا و نێرەر و وەرگر لە قۆناغێکی نوێتردا زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن لەچوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.

(ئەندریەس کابلان و مایکل) بەم جۆرە پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتەکان دەکەن: کۆمەڵێك کاری پراکتیکیە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت، کەبنەمای سەرەکی کارکردنی لەسەر تەکنەلۆژیای وێب، ئەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان بلۆگەرەکاندا. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، هۆکارێکی ڕاگەیاندنی کارلێکراوی کۆمەڵایەتین، بووتە هۆی بەرەو پێشچوونی

---

[20] د. محمد علي البدوي، دراسات سوسيو اعلامية، جامعة اسكندرية، جامع البرسون، 2006، لا242 .

**زیاتری بواری ماس كۆمۆنیكەیشن دا، لەو ڕێگایەوە بلۆگەر دەتوانێت پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی خۆی پێكەوە ببەستێت، هەروەها بەهۆی ئەم تۆڕانە پەیوەندی نێوان تاكەكان و ڕێكخراوەكان و كۆمەڵگەكان ڕێك دەخرێت .**[21]

**هەروەها لەپێناسەیەكی تردا كە توێژەرانی ئێرانی كردوویانە، دەڵێن: تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان، بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای (web) بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان كەسەكان، ئەم تۆڕە كۆمەڵایەتەیانە بوونەتە هۆكارێك بۆ دروستكردنی كارلێكی كۆمەڵایەتی لەنێوان بەكارهێنەرەكانیدا.**

**تۆڕە كۆمەڵایەتەیەكان، بازدانێكی بەهێز و گەورە بوو لەئینتەرنێتدا هاتە ئاراوە، بوویە هۆی دروستبوونی ڕۆژنامەگەریەكی كارلێكراو (الصحافة التفاعلية)، ئەم جۆرە لەڕۆژنامەگەریش شێوازێكی جیاوازی كاری ڕاگەیاندنە، چونكە ژمارەیەكی زۆر بلۆگەر بەشداری دەكەن لەو زانیارییانەی كەلەئنتەرنێتدا بلاّو دەبێتەوە.**

**زۆرێك لەسەرەچاوەكان تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان بەڕاگەیاندنی نویٚ ناو دەبەن، كە هەریەكە لەتویتەر Twitter، فەیسبووك Face book، مایی سایەیس My space دەگرێتەوە، هۆكارێكی گرنگی بواری ماس كۆمۆنیكەیشنن، كاریگەری دوور مەودامان هەیە لەو هەڵمەتە جیاوازانەی كەئەنجام دەدرێن، هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی وێبەكانەوە.**

**ئەم جۆرە لەراگەیاندن ئەم ناوانەی لەخۆدەگرێت (الاعلام الرقمي، الاعلام التفاعلي، اعلام المعلومات، اعلام الوسائط المتعددة، الاعلام الشبكي الحي على خطوط الاتصال online Media، الاعلام السيبروني Cyber Media والاعلام التشعيبي Hyper Media.**

**زاهیر زازی/ لەپێناسەیەكی تردا دەڵێت (پێگە كۆمەڵایەتیەكان تۆڕێكی ئەلكترۆنیە گرنگی دەدات بەبەشداریدان كەتیایدا پێگەی تایبەت بەخۆیان دروست بكەن لەورێگەیەوە پەیوەندیەكان خۆیان لەگەڵ كەسانی تردا ڕێك بخەن.**

**ئەم تۆڕە كۆمەڵایەتیانە ناسراون و بەكارهێنەریان زیارترە.**

**محمد عواد "پێكهاتەی كۆمەڵایەتی ئەلیكترۆنی دروستكراوە لەلایەن تاكەكانی كۆمەڵگە و دەزگاكان تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندیەكان قوڵتر و نزیكتر دەبینرێت لەچاو ئەوەی لەڕاستیدا هەیە ..**[22]

**تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان دوای ئەو گۆڕانكارییانەی كەلەجیهاندا بەگشتی روویاندا گەشەیەكی بەرچاویانكرد، زۆرێك لەپسپۆڕانی بواری ئینتەرنێت و میدیا پێیانوایە كەئەم جۆرە ڕاگەیاندنە ڕۆڵی بەرچاوی پەیداكرد دوای ئەو ڕووداوانەی كەلەجیهانی عەرەبیدا روویاندا، هەندێكیش لەپسپۆڕانیش بەدروستكەری ڕووداوەكانی دەزانن.**

---

[21] ویكیبیدیا موسوعة حره

[22] عبدالأمير الفيصل الصحافة الالكترونية في الوطن العربي، ط1 . دار الشرق للنشر والتوزيع، 2006 .

ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان (النشر متبادل) لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا روو لەزیادبوون کردووە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەم تۆڕانەدا هاتووەتە ئاراوە هەڵمەتە جیاوازەکانی راگەیاندن لە ڕێگایەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە دەتوانرێت بەشێوازی رووبەروو و خێرایی زانیارییەکان ئاڵوگۆڕی بکات. هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیك و هەڵمەتە ئەلکترۆنیە جیاوازەکانەوە، هاتنەکایەی زۆرترین بەرنامە و شێوازی تەکنیکی گەیاندن بووەتە هۆی زیادبوون و پەیوەستبوونی بەکارهێنەرانەی ئەم جۆرە ماڵپەرانە، بەکارهێنەران کارلێك لەگەڵ یەکتردەکەن، ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان دەکەن. [23]

***تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :***

1. جیهانیە: بەهۆی ئەوەی کەئەم تۆڕە بۆتە هۆی لابردنی بەربەستە جوگرافیەکان وەلابردنی سنورە نێودەوڵەتیەکان وەك دەبینین لەرۆژهەلأتەوە تا ڕۆژئاوا دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن بەشێوەیەکی ئاسان.
2. کارلێك دەکات:- لێرەدا بەکارهێنەر نوسەرە نێرەرە بەشدارە وات هەم دەتوانێت پەیام بنێریت دەتوانێت پەیامەکانی ئەوانی تر بلأو بکاتەوە لە ڕیگەی comment قسە هەبێت لەسەر بابەتەکان.
3. هەمە جۆری لەبەکارهێناندا:- قوتابی دەتوانێت بەکاری بهێنێت، کاسبکار، دەتوانێت بەکاری بهێنێت ... دەتوانێت سوودی لێ ببینرێت بۆ لایەنە زانستییەکان هەم بۆ کات بەسەربردن.
4. ئاسانی بەکارهێنانی: بەهۆی ئەو ئاماژە و نوسنە و فرە زمانانەی تێیدایە بەکارهێنانی ئاسان کردووە، بەشێوەیەك ئەگەر هاتوو کەسەکان لەتۆڕەکان تێناگەن.
5. ئابووری: لەڕووی سەرفکردنی کات و پارەوە، لەبەشداریکردن بەبەلاش و بەبێ بەرامبەر چەند نمونەیەك لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان .

**چوارەم: مێژووی فەیسبووك هۆکاری دروستبوون و بەکارهێنانی**

(مارك زوکربریخ) تەمەنی 23 ساڵ بوو، لەبەردەم شاشەی کۆمپیوتەرەکەدا دانیشت لەزانکۆی هارڤاردی ئەمریکا، نەخشەی سایتێکی نوێی کێشا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئامانج لەم سایتەش ئەوەبوو کە کۆمەڵێك لەهاورێکانی لەزانکۆی ناوبراو کۆبکاتەوە، هەواڵ و وێنە و بیروبۆچوونەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن. [24]

ناوبراو بیری لەوە نەکردوەتەوە کە ڕۆژێك لەڕۆژان بەو جۆرەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە فراوان بێت، ببێتە شوێنگەیەکی بازرگانی و ڕاکێشانی هەموو ریکلامە بازرگانیەکان بۆ خۆی، یان ناوەندێکی هەواڵی بۆ بلأوکردنەوەی هەواڵی

[23] محمد حافظ : التسويق عبر الانترنت، ط1، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة 2009 .

[24] محمد جاسم فلح : رسالة الماجستير، نظريات لتصاو الاعلم جماهير، ط1، الانترنت 2004 .

زانكۆكان. تەنها بیری لەوە دەکردەوە کەئەم تۆڕە نوێیە ببێتە هۆکارێکی کۆمۆنیکەشن لەنێوان قوتابییەکانی زانکۆکەیدا، لەسەر بنەمای ئەوەش ئەم کارەی ئەنجامدا، ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بێت ئەوا دەبێتە کەسێکی بەناوبانگ.

بیرۆکەی دروستکردنی مەڵپەڕی فەیسبووك لەو ئامانجەوە سەری هەڵدا، کە چاپکراوی ئەلکترۆنی پەڕتووکی روخسارەکان، بێت، قوتابییەکان دۆسیەی تایبەتی خۆیان بنووسەوە جێ دەستیان تایبەتی خۆیان بەجێ بێڵن لەسەر بلۆگەکەی خۆیان و بەردەوام نوێکاری تێدا بکەن.

بیرۆکەی تری فەیسبووك ئەوەبوو کەئەندامان ناوی راستەقینەی خۆیان بەکاربێنن، راستی شوناسیان دووپاتدەکەنەوە، بەهۆی ئەو دۆسە تایبەتی کەلە ئەدرەسەی پۆستە ئەلکترۆنیەکاندا هەیە، بە پێچەوانەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەوەیە ڕێگا نادرێت ناوی خوازراوی تێدا بەکاربهێنرێت.

زۆکەربیخ توانی لەساڵی 2004 فەیسبووك (Face book) دابنێت لەماوەیەکی کەمدا گەشەیەکی بەرچاوی کرد، لەزانکۆی هارڤارددا جەماوەریەکی بەرفراوان لەدەوری کۆبوویەوە دواتر گەشەی کرد بۆ زانکۆکانی تر و پاشان قوتابیان هەوڵیاندا پێناسەی ژیانی زانکۆیان بکەن.

سەرەتا بە ناوی www.facemch.com بووە، بەڵام پاش ئەوەی لەلایەن زانکۆی ناوبراوەوە دادەخرێت بە تۆمەتی ئەوەی کەزانیاری دزە پێکردووە لەزانکۆی ناوبراودا، دواتر زەکەربیخ ناوەکەی گۆڕی بە فەیسبووك.

لەساڵی 2006 زوکەربیخ دەرگای بەڕووی خەڵکانی دیکەدا بکاتەوە بۆ بەشداریکردن لەم تۆڕەدا، ڕێژەی بەشداربووان بەرزبوویەوە بۆ 12 ملیۆن لە دیسەمبەری/ کانوونی یەکەمی ساڵی 2007. (25)

زوکەربیخ دەرگای کردەوە بەرووی ئەوانەی کەبەرنامەدارێژەری کۆمپیوتەرن بۆ پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی بەشداربووان، بەو هۆیەوە هەموو ئەو ئالۆزییانەی کەهەبوو بۆ بەشداربووانی روونکردەوە ئەمەش لەپێناو ئەوەی کە جەماوەرێکی فراوان بەشداربووی سوودمەند بێت، سەرکەوتنێکی گەورە و خێراشی بەدەست هێنا.

دوای ئەو سەرکەوتنەی کەبەدەستی هێنا، زوکەربیخ بڕیاری دا بەخستنە مەزادی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە، نرخەکەی ملیارێك دۆلاری ئەمریکی بوو، زۆرێك لە بازرگانە بەناوبانگەکانی هەوڵیاندا بۆ کڕینی بەڵام هەموویان رەتکردەوە، هۆکاری ڕەتکردنەوەکەی ئەوەبوو کەپێی وابوو کەنرخی ئەو تۆڕە لەوە زیاترە.

چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (فانشیاڵ تایمزی بریتانی) ناوبراو ئاماژەی بەوەدا " زۆرێك لەکەسەکان نرخی ئەم تۆڕە نازانن .. بەڵام کۆمۆنیکەیشنی نێوان کەسەکان لەڕێگای ئەم تۆڕەوە زۆر لەو نرخە زیاترە .."

---

(25) ویکبیدیا موسوعة حره

دوای ساڵێك كۆمپانیای (نیوز كۆربۆرەشن) كە خاوەنەكەی (روبەرت مەردۆخی) ئیسرائیلییە، هەستا بەكڕینی (مای سپیس) بەبڕی 580 ملیۆن دۆلاری ئەمریكی.

ڕۆژنامەی ویل ستریت جۆرناڵ بلاوترین ڕۆژنامەی ئابووری ئەمریكیە، ئەوەی بلاوكردوەتەوە كە كۆمپانیای مایكرۆسۆفت هەوڵیداوە 5٪ فەیسبووك بكڕێت، بەنرخی 300-500 ملیۆن دۆلار، بۆ بلاوكردنەوەی ریكلامە ئینتەرنێتیەكان لەسەر تۆڕی فەیسبووك.

لەگەڵ ئەوەشدا فەیسبووك تائێستا ڕووبەڕووی هیچ جۆرە كێشەیەك نەبووەتەوە تەنها ئەوەنەبێت داواكاری گشتی شاری نیویۆرك لەرۆژی 24 ئەیلول نوسراوێكی بەرزكردووەتەوە بۆ بەرپرسانی فەیسبووك، ئاماژەی بەوەداوە كە دوای ئەو پشكنینە سەرەتاییانەی كە كردوویانە، كەمتەرخەمی دەكرێت چاودێریكردنی ئەو كەسانەی كەئەم تۆڕە بەكاردەهێنن بەتایبەت ئەوانەی كەتەمەنیان منداڵە (الصغیر في السن) بەشداری ئەم تۆڕە دەكەن، پێویستە ئەو كەسانەی دەچنە ناو ئەم تۆڕە پاشكۆیەك هەبێت بۆ هاندانی ناسنامەی خۆیان پێش چوونە ناوەوەی.

ساڵی 2005 ژمارەی بەشداربووانی ئەم ماڵپەرە ڕووی لەزیادبوون كردووە، گەیشتووەتە 23 ملیۆن بەپێی لێكۆڵینەوەیەك كەلەزانكۆی ئەمریكا ئەنجامدراوە، 85٪ قوتابیان فەیسبووك بەكار دەهێنن، بەلام بەپێی تازەترین توێژینەوە كەئەنجامدراوە بەشداربووانی 90 ملیۆن كەس بووە.

لەم تۆڕە كۆمەڵایەتەیەدا زیاتر لە 38٪ خەڵكی ئەمریكا میوانن (Visitors) تێیدا، دوای ئەو كەنەدا دێت، پاشان وڵاتە یەكگرتووەكان (United Kingdom)، بەپێی لێكۆڵینەوەكانی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی 3.5 ملیۆن بەریتانی بەشدارن لەم تۆڕەدا، دواتر میسر دێت لەپلەی پێنجەم دێت لەڕووی میوانەوە لەم تۆڕە كۆمەڵایەتیەوە.

لەئێستاشدا فەیسبووك ناوبانگێكی گەورەی لەسەر ئاستی دونیادا پەیدا كردووە زیاتر لە 500 ملیۆن بەشدار بووی هەیە.

بەشداربووانی Face book جیاوازیان هەیە لەگەڵ بەشداربووانی مای سپەیس My space ئەو جیاوازییەش لەڕووی شێوازی بەشداریكردنەوەیانە، ئەمەش پاش ئەوە دێت كە بەشداربوو لەڕێگای كۆدی تایبەتی خۆیەوە دێتە ناو ئەو كۆمەڵگەوە گریمانەیەوە (المجتمع افتراضي)، بەلام هەموو ئەو بەشداربووانەی كەدێنە ناو ئەتوانێت هاوڕێی خۆی دیاری بكات، هەروەها بەشێوازی دیار خۆیان نمایش بكەن، یاخود خۆی بشارێتەوە. بەلام هەموویان لەوەدا هاوبەشن كە پەیوەندییەكی داخراویان هەیە، لەڕووی كۆمۆنیكەیشنیشەوە لەو كۆمەڵگەی گریمانەیەدا Virtual community المجتمع افتراچی .[26]

جیاوازی فەیسبووك لەگەڵ تۆڕە كۆمەڵایەتیەكانی تردا You Tube ، My Space، Twitter :

[26] ویكیبیدیا موسوعة حره

1. ئاسانە بۆ بەکارهێنان.
2. جوان و ڕێکخراوە.
3. ڕێگای بەکارهێنانی بواری کۆمۆنیکەیشن هەیە.
4. تواناى دروستکردنی گروپ هەیە .[27]
5. ئاسانە بۆ هاوڕێگرتن make friend
6. ئەتوانێت لاپەڕەی تێدا دروست بکرێت Create Page، بلۆگەر ببێتە خاوەنی بلۆگی تایبەتی خۆی.
7. بەکاردەهێنرێت وەك سەرچاوەیەکی هەواڵ و زانیاری.
8. بۆ مەبەستی کاتبەسەربردنی خۆش و تەرفیهی بەکاردەهێنرێت.
9. ئەتوانێت دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوڕێکەت بزانێت.
10. تواناى پێشنیارکردنی هاوڕێیەتی هەیە بۆ بەکارهێنەرەکانی دیکە.
11. ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونەکان و کۆمۆنیکەیشن تێدا هەیە.
12. هەروەها دەتوانێت کۆمێنت لەسەر بەشداربووانی دیکە بکەیت لەڕێگای پەیجی تایبەتەوە بۆ ڕیکلام بەکاردەهێنرێت

(Learns at the Bank street college of Education)

***لەفەیسبووکدا دەتوانیت چی بکەیت؟***

- دروستکردنی پەیوەندی نوێ و دوبارە بەستنەوەی پەیوەندییە کۆنەکان.
- بەئاگابوون لە هێماکانی کۆمۆنیکەیشن (دەنگ و رەنگ و وێنە) لەگەڵ هاوڕێکانی بەرانبەرت.
- بەشدارپێکردنی زانیارییەکانی نێرەر لەگەڵ وەرگرەکانی دیکە کە هاوڕێن لەگەڵیدا.
- بلۆگەر دەتوانێت لەڕێگای Application بەکارهێنانی شێوازی کۆمۆنیکەیشنی move یاری لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا.

[27] عبدالرزاق محمد الدليمي، علم الجديد الصحافة الالكترونية، ط1، دار الوائل للنشر والتوزيع، الاردن، 2011 .

- نێرەر دەتوانێت بەشێوازی کۆمۆنیکەیشن ناڕاستەوخۆ پەیام بنێرێت بۆ وەرگرەکانی لەهەر کوێ بن. نموونە : بانگهێشتکردنی هاورێکانتە بۆ ئاهەنگگێران.
- دروستکردنی پەیوەندییەکی کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوبەشی تۆن و بایەخی بەو شتانە دەدەن کە تۆ حەزت لێیەتی.[28]

*لایەنە نێگەتیڤەکانی فەیسبووك:*

هەندێك لایەنی نێگەتیڤی هەیە پێویستە بخرێتە ڕوو:

1. دەتوانرێت هاکبکرێت.
2. لەدەستدانی هەندێك تایبەتمەندی کەسی کە تێدایە.
3. لەدەستدانی کات.
4. بێزارکردنی خەڵك.
5. ناتوانرێت بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی یاساوە، Difficult to control by low .
6. بۆکرداری تاوانکاری بەکاردەهێنرێت Solute of crime in same time.
7. دابڕان دروست دەبێت لەکۆمەڵگە بەهۆی بەکارهێنانیەوە.
8. On line community communication لەگەڵ خەیاڵاتی خەڵکدا کۆمۆنیکەیشن دەکەیت و دادەبڕێت لە واقیع.
9. Difficult to communicate face to face کۆمۆنیکەیشنی ڕووبەڕوو قورس دەکات.
10. ئیدمان دروست دەکات Addiction.
11. خەڵکانێك دەناسێت کەپێشتر نەتناسیوون، بەشداربوویەك لەخەڵکی باشترە Meat unknown people.
12. هاورێی دیکە کە دەتوانێت کۆکۆنیکەیشنی لەگەڵ بکەیت.
13. خەمۆکی دروست دەکات Depression.
14. تێکشکانی خێزان Damage family.

---

[28] هەمان سەرچاوە، لا3 .

15. مرۆڤ دەبێتە ئامراز تێیدا Miss heist. [29]

***بەکارهێنانی فەیسبووک بۆ چیە؟***

1. شەخسی Personal ، چات Chart، پەیوەندی کردن Contact، هاوڕێیەتی make friend، وێنە Photo، ناردنی نامە.
2. خوێندنەوەو دۆکیومێنتکردن Education send document.
3. بازرگانیکردن Business.
4. سیاسی (شۆڕش Revolution، خۆپیشاندان demonstration، ڕاپەڕین apprised، کەمپین Coming ). Learns at the Bank street college of Education

***گرنگی فەیس بووک :***

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە فەیسبووک بووەتە هۆی ئەوەی کە شوێنێکی گونجاو بێت بۆ یەکترناساندن و دروستکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان (Internet personal Communication)

خستنە رووی بیرو بۆچوونەکانیان.

ڕۆژانەش ناوبانگی زیاتری پەیدا دەکەن لەسەرتاسەری جیهاندا. فەیسبووکیش بووەتە ناوەندێك بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو زانیارییە کەسیەکانی بلۆگەرەکان، هەبوونی هێڵە بەیانیەکان لەلاپەڕەی سەرەتای فەیسبووکدایە ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندیە کۆمۆنیکەیشن پێکەوەی لەسەر ئاستی جیهاندا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەی کەئەنجامدراوە لەسەر بەکارهێنەرانی فەیسبووک دەرکەوتووە کە 300 ملیۆن لەبەکارهێنەرانی فەیسبووک زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی گریمانەی بەکاردەهێنن.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیەکی بازرگانیی یەهودییە کەلەفەرەنسا دەردەچێت لەژمارە 111، 9 ی نیسانی 2008، ئاماژە بەوە دەکات، ئەو شۆڕی زانیارییەی کەهاتووەتە ئاراوە جیهانی کردووەتە گوندێکی بچوك، لەئێستادا شۆڕشێکی تر لەو گوندەدا ڕوویداوە کە مەحکومە بەوەی کەهێزێکی مەرکەزی نیە بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشە کۆنتڕۆڵ بکات، کاریگەری بەهێزی لەسەر واقیع دەبێت.

---

(29) BBC,sati British broad cast santer سەنتەری پەخشی بەریتانی .

هەروەها لەدرێژی ئەو ڕاپۆرتەدا باس لە (الانترنت التفاعلي) دەكات كە جیهانی كردووەتە یەكەیەكی یەكگرتوو كەهێزێكی لامەركەزی گۆڕانكاری تێدا دەكات، هانی گەنجانیش دەدات بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوونەكانیان. [30]

تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان بەگشتی و فەیسبووك بەتایبەتی، هۆكارێكن بۆ دەربڕینی پێداویستییەكانی جەماوەر و هاندانیان بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان و گۆڕانكاری لەدەسەڵاتی سیاسی ئەوەش بووەتە هۆی رووخاندنی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكان. بۆ نموونە : لەئیسپانیا لە 2004 لەرێگای نامەكانی ئالكترۆنیەكانەوە هەوڵی رووخاندنی سەرەك وەزیرانی ئیسپانیا (خوسیا ماریا ئەزنار)، هەروەها خۆپیشاندانەكانی كۆریای جنوبی لەساڵی 2008 ئەنجامدرا، فەیسبووك ڕۆڵێكی سەرەكی بینیووە لە زۆربەی ئەو جوڵانەوە نارەزاییانەی كەڕوویانداوە لەجیهاندا، چونكە لەو ڕێگایەوە توانیوویانە كۆمۆنیكەیشن لەنێوان تاكەكاندا ئەنجام بدرێت.

نارەزاییەكانی بزوتنەوەی سەوزی ئێران لەیۆلیۆ 2009 هەموو چالاكەوانەكان هۆكارەكانی ڕاگەیاندن بەكاردەهێنا بۆ سەرژمێردنی دەنگەكان و سەركەوتنی (حسێن موسەوی)، بەڵام دواجار لەرێگای توندوتیژیەوە توانیان سازش بە گروپەكە بكەن. هەروەها بەهاری عەرەبی گۆڕانی دەسەڵاتە یەك لەدواییەكەكان، دواجاریش ڕووداوەكانی 17ی شوباتی كوردستانیش فەیسبووك بوویە كەناڵێكی نوێی پەیوەندیكردن لەدوای تەلەفزیۆنەوە.

***فەیسبووك كۆمەڵگەی نوێ لەسەر ئینتەرنێت :***

بەپێی وتەی پسپۆڕانی بواری میدیا فەیسبووك كۆمەڵگەیەكی نوێیە (المجتمع الجدید) و لەو كۆمەڵگەیەدا چەندین ئەندامی جیاوازی تێدایە، دابەشبوون بەسەر چەندین گروپ و كۆمەڵی جیاوازدا لەسەر ئەساسی هەرێمایەتیەكان، بۆنموونە : بەپێی ئەو بەشداربووە تازەی كەهەیە بلۆگەر خۆی ئەو پۆلێنەی كە ویستی لێبێت دیاریدەكات، شوێنكار و زانكۆكان و قوتابخانەكان، هەروەها دواتر بلۆگی تایبەتی خۆی دەكاتەوە.

لەناو ئەو كۆمەڵگایەدا چەندین ڕووبەری جیاوازی تێدایە بۆ گفتوگۆكردن، خستنەڕووی بۆچوونەكان، هەموو مانگێكیش گرنگترین ئەو هەواڵانەی كە پەیوەستن بەو كۆمەڵگەیەوە دادەبەزێت، هەموو ئەو رووداوە نەتەوەیی و ناوخۆییەكان و یادی لەدایكبوونی ئەندامەكان بەشداربووان دەتوانن دابەزێنن.

رووبەرێكی تێدایە بۆ كڕین و فرۆشتن تایبەت بەئەندامەكانی، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەندامێك دەتوانێت وێنەی تایبەتی خۆی دابەزێنێت، هەروەها (Blogs) تایبەتە هەیە، هەروەها شوێنێكی گونجاوە بۆ یەكتر ناسینی گەنجان. [31]

---

[30] ویكبیدیا موسوعة حره

[31] ابراهیم سەعید مرۆڤ لەسەردەمی ئینتەرنێتدا، ڕۆژنامەی چاودێر، 2010 .

هەموو بلۆگەرێك دەتوانێت وەك هۆكارێكی كۆمۆنیكەیشن بەكاری بهێنێت، وێنەی جولاوە و خۆی دەربخات و هەروەها بۆچوونەكانی خۆشی تێدا بخاتە ڕوو، ئەوەش وادەكات كەلەیەك كاتدا مامەڵە لەگەڵ كۆمەڵێكی دیاریكراو لەهاوڕێیاندا بكات.

***تایبتمەندییەكانی ئەم تۆڕە كۆمەلایەتییە :***

1. بەشداربووان زۆرجار دەتوانن بۆ مەبەستی سیاسی و حاڵەتە سۆزدارییەكانی خۆی بەكاریبهێنن، ئەم تۆڕە شێوازێكی گەنجانەی پێوە دیارە، هۆكارێكە بۆ دروستكردنی پەیوەندی نێوان گەنجان، بەكارهێنانی وەك خزمەتگوزارییەك لەرووداوە جیاوازەكاندا و تۆماركردنی ئەلیكترۆنی هەموو ئەو ڕووداوانەش.

نموونە، ئەم جۆرە لە ڕووداوەكانی 17 ی شوباتی 2011 و لەرووداوەكانی میسری و جیهانی عەرەبی دا فەیسبووك هۆكارێكی سەرەكی بوو لەجولاندنی شەقامی سیاسیدا.

2. ڕوخساری قوتابی پێوەدیارە (هەر لەسەرەتاشەوە بۆ ئەو مەبەستە دامەزرابوو)، دروستكردنی گروپ و كۆمەڵی دیاریكراوە بۆ ئینتیمابوون بۆ زانكۆیەك یان قوتابخانەیەكی دیاریكراو.

بەلام ئەو گومانانەی كەلەم ماڵەپەڕە دەكرێت ئەوەیە كە ئامانجی پێكەوەبەستنی زۆرێك لەسەرچاوە ئینتەرنێتییەكان، بەسەرچاوە ئەمنیەكانی ئەمریكاوە، هەروەها گومان لەسەرچاوەی دارایشی دەكرێت، تاوانباریش دەكرێت بەوەی لەبلاوكردنەوەی هەندێك بەیاننامەی هاوبەشی كۆمەڵێك بەشداربووی ئەم تۆڕە گەیشتووەتە سەرچاوە ئەمنیەكان.

پۆلێنكردنی ئەم بۆچوونەش لەسەر بونیادی بیردۆزەكانی موئامەرەیە (النظريات المؤمرات)، گەڕانەوەی هەموو ڕووداوەكانە بۆ جولێنەرێكی شاراوە، كە بەرژەوەندییەكانی ئاشكرانیە و بەشاراوەیی دەمێنێتەوە .[32]

[32] ویكبیدیا موسوعة حره

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### خستنەڕووی ئەنجامەکان

خشتەی ژمارە (1): ڕەگەزی نمونەی توێژیەوە ڕوون دەکاتەوە .

| ڕەگەز | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | 46 | ٪ 48 |
| مێ | 50 | ٪52 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکەمان لە (48 ٪) لە ڕەگەزی نێرەو لە (52٪) لە ڕەگەزی مێیە, ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەگەزی مێ زیاتر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن .

خشتەی ژمارە (2) : تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| تەمەن | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 22 - 18 | 36 | ٪ 36 |
| 27 - 23 | 48 | ٪ 50 |
| 35 - 28 | 12 | ٪ 14 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەمان لە (36٪) تەمەنیان لە نێوان (18 – 22) سالێدایە , لە (50٪) تەمەنیان لە نێوان (23– 27) سالێدایە , لە( 14٪) تەمەنیان لە نێوان (28 – 35 ) سالێدایە.

خشتەی ژمارە (3): شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو .

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| شار | 66 | 68 ٪ |
| قەزا | 22 | 24 ٪ |
| ناحیە | 8 | 8 ٪ |
| کۆی گشتی | 96 | 100 ٪ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە (68٪)ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دانیشتووی شارن , وە لە (24٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دانیشتووی قەزاکانن. وە لە (8 ٪ )ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دانیشتوی ناحیەکانن .

خشتەی ژمارە (4): ئاستی بژێوی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .

| ئاستی بژێوی | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەرز | 10 | 10 ٪ |
| مامناوەند | 78 | 80 ٪ |
| نزم | 8 | 10 ٪ |
| کۆی گشتی | 96 | 100 ٪ |

لەم خشتەیەدا ئاستی بژێوی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دەردەکەوێت , لە (10٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستی بژێویان بەرزە , لە (80٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستی بژێویان مامناوەندە , لە (10٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان ئاستی بژێویان نزمە .

**دووەم : خستەڕوو شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتەکان**

خشتەی ژمارە (5): بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .

| ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 92 | ٪ 96 |
| نەخێر | 4 | ٪ 4 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

لەم خشتەئەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تا چەند ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان کە ڕێژەی (96 ٪ ) لای نمونەی توێژینەوەکەمان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن. وە ڕێژەی (4 ٪ ) لای نمونەی توێژینەوەکەمان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکارناهێنن .

خشتەی ژمارە (6): هۆکاری بەکار هێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .

| هۆکاری بەکارهێنان | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کاروباری کەسی | 72 | ٪72 |
| لێی نازانم | 4 | ٪ 4 |
| هی تر | 24 | ٪ 24 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪100 |

لەم خشتەیەدا هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانمان لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە , کە ڕێژەی (72٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ کاروباری خۆیان بەکاری دەهێن (4 ٪) لێی نازانم و ریەی (24 ٪) بۆ شتی تر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (7): کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .**

| چەند کاتژمێر | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 1 بۆ 2 | 38 | ٪38 |
| 3 بۆ 5 | 38 | ٪ 38 |
| لە 5 زیاتر | 10 | ٪ 10 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

**لەم خشتەیەدا کاتژمێری بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیەکان لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی (38 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (1 بۆ 2 ) کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن. وە ڕێژەی (38 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (3 بۆ 5 ) کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن. وە ڕێژەی (10 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (لە 5 کاتژمێر زیاتر ) تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن.**

**خشتەی ژمارە (8): بەکارهێنانی فەیسبوک لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .**

| بەکاری دەهێنیت ؟ | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 96 | ٪ 96 |
| نەخێر | / | / |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

**لەم خشتەیەدا بەکارهێنانی فەیسبوک لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی (96 ٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە فەیسبوک بەکاردەهێنن .**

**خشتەی ژمارە (9): ماوەی بەکارهێنانی فەیسبوک لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .**

| ماوەی بەکارهێنان | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە ساڵێك | 8 | ٪ 8 |
| 1 بۆ 3 | 16 | ٪ 16 |
| زیاتر لە 4 ساڵ | 72 | ٪ 72 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

لەم خشتەیەدا ماوەی بەکارهێنانی فەیسبوك لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە , کە ڕێژەی لە (8٪ ) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان کەمتر لە ساڵێکە فەیسبوك بەکاردەهێنن, وە ڕێژەی (16 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (1 بۆ 3 ساڵە) فەیسبوك بەکاردەهێنن, وە ڕێژەی (72 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان (زیاتر لە 4 ساڵە) فەیسبوك بەکاردەهێنن .

**خشتەی ژمارە (10): مەبەستی بەکارهێنانی فەیسبوك لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| مەبەستی بەکارهێنان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| پەیوەندی کردن | 24 | ٪ 24 |
| وەرگرتنی زانیاری | 32 | ٪ 32 |
| کات بەسەربردن | 30 | ٪ 30 |
| هی تر | 10 | ٪ 10 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

**لەم خشتەیەدا مەبەستی بەکارهێنانی فەیسبوک لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە, ڕێژەی لە (24 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی پەیوەندی کردن فەیسبوک بەکاردەهێنن, وە ڕێژەی لە (32 ٪ ) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاری فەیسبوک بەکاردەهێنن, ڕێژەی لە (30 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی کات بەسەر بردن فەیسبوک بەکاردەهێنن, ڕێژەی لە (10 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ مەبەستی تر فەیسبوک بەکاردەهێنن .**

**خشتەی ژمارە (11) : جۆری بڵاو کردنەوەی بابەت لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .**

| جۆری بابەت | دوبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کەسی | 24 | 24 ٪ |
| سیاسی | 12 | 12 ٪ |
| ڕۆشنبیری | 8 | 8٪ |
| ئابوری | / | / |
| هەمەڕەنگ | 50 | 50 ٪ |
| هی تر | 2 | 2 ٪ |
| کۆی گشتی | 96 | 100 ٪ |

**لەم خشتەیەدا جۆری بڵاو کردنەوەی بابەت لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, کە ڕێژەی (24 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بابەتی کەسی لە فەیسبوک دا بڵاو دەکەنەوە, وە ڕێژەی (12 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بابەتی سیاسی لە فەیسبوکدا بڵاودەکەنەوە, وە ڕێژەی (8 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بابەتی ڕۆشنبیری لە فەیسبوکدا بڵاو دەکەنەوە , وە ڕێژەی (50 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بابەتی هەمەڕەنگ لە فەیسبوکدا بڵاو دەکەنەوە , وە ڕێژەی (2 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بابەتی تر لە فەیسبوکدا بڵاودەکەنەوە.**

**خشتەی ژمارە (12): فەیسبوک وەك هۆکارێك بە بایەخدان بە بابەتی سیاسی لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .**

| هۆکاری بایەخدان بە بابەتی سیاسی | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 14 | ٪ 14 |
| نەخێر | 24 | ٪ 24 |
| تا ڕادەیەك | 58 | ٪ 58 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

**لەم خشتەیەدا فەیسبوك وەك هۆکارێك بۆ بایەخدان بە بابەتی سیاسی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە, کە ڕێژەی (14 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوك بوەتە هۆی بایەخدانیان بە بابەتی سیاسی, وە ڕێژەی (24 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوك نەبۆتە هۆی بایەخدانیان بە بابەتی سیاسی, وە ڕێژەی (58 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوك تا ڕادەیەك بووەتە هۆی بایەخدانیان بە بابەتی سیاسی.**

**خشتەی ژمارە (13): ڕۆڵی فەیسبوك لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان و ناوچەکە لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە .**

| ڕۆڵی فەسیبوك لای گەنجان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 54 | ٪ 54 |
| کەم | 6 | ٪ 6 |
| تاڕادەیەك | 32 | ٪ 32 |
| هیچ | 4 | ٪ 4 |
| کۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

لەم خشتەیەدا ڕۆڵی فەیسبوك لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە, كە ڕێژەی (54 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە فەیسبوك زۆر ڕۆڵی هەبووە لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە , وە ڕێژەی (6٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە فەیسبوك كەم ڕۆڵی هەبووە لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە, وە ڕێژەی (32 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە فەیسبوك تا ڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە, وە ڕێژەی (4 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە فەیسبوك هیچ ڕۆڵی نیە لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە .

خشتەی ژمارە (14): بڵاوكردنەوەی بیروبۆچونی سیاسی تایبەت لای نمونەی توێژینەوەكە ڕوون دەكاتەوە .

| بڵاوكردنی بۆچوونی سیاسی | دووبارە بووەكان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 22 | ٪ 22 |
| نەخێر | 38 | ٪ 38 |
| هەندێك جار | 36 | ٪36 |
| كۆی گشتی | 96 | ٪100 |

لەم خشتەیەدا بڵاوكردنەوەی بیروبۆچونی سیاسی تایبەت لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان ڕوون دەكاتەوە , كە ڕێژەی (22٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان بیرو بۆچونی سیاسی تایبەت بە خۆیان لە فەیسبوك بڵاو دەكەنەوە, وە ڕێژەی (38٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان بیرو بۆچونی سیاسی تایبەت بە خۆیان لە فەیسبوك بڵاو ناكەنەوە , وە ڕێژەی( 36٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان هەندێكجار بیرو بۆچونی سیاسی تایبەت بە خۆیان لە فەیسبوك بڵاو دەكەنەوە.

**خشتەی ژمارە (15): ڕۆڵی فەیسبوك لە دروستكردنی بیری سیاسی لای نمونەی توێژینەوەكە ڕوون دەكاتەوە .**

| ڕۆڵی فەیسبوك لە دروستكردنی بیری سیاسی | دووبارە بووەكان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 10 | ٪ 10 |
| كەم | 24 | ٪ 24 |
| تا ڕادەیەك | 48 | ٪ 48 |
| هیچ | 18 | ٪ 18 |
| كۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

لەم خشتەیەدا ڕۆڵی فەیسبوك لە دروستكردنی بیری سیاسی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە, كە ڕێژەی (10٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە بە ڕێژەیەكی زۆر فەیسبوك بوەتە هۆی دروستكردنی بیری سیاسی لەلایان, وە ڕێژەی (24٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە بە ڕێژەیەكی كەم فەیسبوك بوەتە هۆی دروستكردنی بیری سیاسی لەلایان, وە ڕێژەی (48٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە تا ڕادەیەك فەیسبوك بوەتە هۆی دروستكردنی بیری سیاسی لەلایان , وە ڕێژەی (18٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكەمان پێیان وایە كە هیچ فەیسبوك نەبووەتە هۆی دروستكردنی بیری سیاسی لەلایان .

**خشتەی ژمارە (16): كاریگەری فەیسبوك لەسەر گۆڕینی بیری نمونەی توێژینەوەكە دەخاتە ڕوو .**

| كاریگەری لەسەر گۆڕینی بیری سیاسی | دوبارە بووەكان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | 8 | ٪ 8 |
| كەم | 32 | ٪ 32 |
| تاڕادەیەك | 32 | ٪ 32 |
| هیچ | 24 | ٪ 24 |
| كۆی گشتی | 96 | ٪ 100 |

**لەم خشتەیەدا کاریگەری فەیسبوک لەسەر گۆڕینی بیری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دەخاتە ڕوو کە ڕێژەی (8 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوک زۆر کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی بیریان , وە ڕێژەی (32 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوک کەم کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی بیریان , وە ڕێژەی (32 ٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوک تا ڕادەیەك کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی بیریان , وە ڕێژەی (24٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە کە فەیسبوک هیچ کاریگەری نەبووە لە گۆڕینی بیریان .**

**خشتەی ژمارە (17): نوسینی کۆمێنت لەسەر پۆستە سیاسیەکان لای نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو .**

| نوسینی کۆمێنت | دوبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 16 | 16 ٪ |
| نەخێر | 28 | 28 ٪ |
| هەندێکجار | 52 | 52 ٪ |
| کۆی گشتی | 96 | 100 ٪ |

**لەم خشتەیەدا نوسینی کۆمێنت لەسەر پۆستە سیاسیەکان لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان دەخاتەڕوو. کە ڕێژەی (16٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان کۆمێنت لەسەر پۆستە سیاسیەکان دەنووسن , وە ڕێژەی (28٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان کۆمێنت لەسەر پۆستە سیاسیەکان نانووسن , وە ڕێژەی (52٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان هەندێکجار کۆمێنت لەسەر پۆستە سیاسیەکان دەنووسن .**

## ئەنجام

**بە پێی وردبونەوە و بە دواداچونی وردی توێژینەوەکە و بە پشت بەستن بە هەموو ئەو سەرچاوە و بوارانەی کە بە پێویستم زانیوە، بیانکەمە سەرچاوەی توێژینەوەکەم، بە پێویستمان زانی بە چەند خاڵێك ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە بخەمە ڕوو :**

1. قوتابیانی زانكۆ بەڕێژەیەكی زۆر بەكارهێنەری تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووكن لە سامپڵی وەرگیراو لە قوتابیان ، ئەو قوتابیانە ڕێژەیەكی زۆریان بۆ كات بەسەربردن و وەرگرتنی زانیاری فەیس بووك بەكاردەهێنن.
2. تۆڕی فەیسبووك ڕۆڵی هەیە لە ئاگاداركردنەوەی چینی گەنجان لە ڕوداوە سیاسییەكانی كوردستان و ناوچەكە.
3. بەكارهێنەرانی فەیسبووك لەژێر كاریگەری لایەنی كۆمەڵایەتیدا زۆرترە وەك لەلایەنی سیاسی و ئابوری .

## پێشنیار

1. هەوڵبدرێت هۆشیاری بەكارهێنانی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەلایەن مامۆستای پسپۆڕەوە لەقۆناغەكانی خوێندن بوترێتەوە تا بەكارهێناران زانیارییان لە بەكارهێنانی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا هەبێت و سودی لێوەربگرن .
2. وەكو سەرچاوەیەكی وەرگرتنی زانیاری بەكار بهێنرێت لەسەرجەم بوارەكانداو لەنێوانیاندا ڕوداوە سیاسییەكان .
3. بەكارهێنانی ئەم تۆڕانە بۆ بلاوكردنەوەی گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی و سەرجەم بوارەكانی تر .

## ڕاسپاردە

1. پێشنیار دەكەم توێژینەوەی دیكە ئەنجام بدرێت لەسەر ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەبواری لە بواری دروستكردن و گەشەپێدانی بوارە سیاسییەكان تا بەكارهێنەران زۆرترین زانیاری لەبارەی ڕوداوە سیاسییەكانەوە وەربگرن.
2. تاك (بەكارهێنەر) هەست بە بەرپرسیارێتی بكات لە بلاوكردنەوەی پەیامەكانیدا بە جۆرێك كاریگەری خراپی نەبێت لەسەر دەوروبەر .

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە كوردییەكان


-1 د. كمال مەنوفی : تیۆرەكانی سیستمە سیاسییەكان، وەرگێڕانی ئاوات محمد، چ1، چاپخانەی یاد، 2007

-2 رابەر تەلعەت، گەنج و بەشداری، چ1، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە 2006

-3 زاهیر محمدی، فەرهەنگی سیاسی، وەرگێڕانی یاسین حاجی زادەر، بێ شوێنی چاپ

4- سامان فەوزی و هێرش رەسول میدیای ئینتەرنێت و گرفتە یاساییەکانی، کتێبی گیرفان، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – 2004.

5- سەرکەوت پێنجوێنی کلیکی ئینتەرنێت، چ2، 2004، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

6- ستێفن ئیرك لویمان : ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێڕانی ئاسۆس کمال، چ1، 1972، سوید، ستۆکۆڵم

7- سیارەش گردەرزی، پێشچوونە سیاسییەکان، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، چ1، 2012

8- شڤینا ئیرك لویمان، ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێڕانی، ئاسۆس کمال

9- کمال پولادی : مێژووی هزری سیاسی لەڕۆژئاوا لەسوکراتەوە تا ماکیاڤیلی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005

10- ئەنوەر محمد فرج : دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، 2009

**المصادر العربية**

1- طارق العيساوي، التزوج السياسي عبر الانترنت، ط1، دار المواسم – بيروت, 2000.

2- عبدالأمير الفيصل الصحافة الالكترونية في الوطن العربي، ط1 ـ دار الشرق للنشر والتوزيع، 2006.

3- عبدالرزاق محمد الدليمي/ الاعلام الجديد الصحافة الالكترونية، ط1، دار الوائل للنشر والتوزيع، الاردن، 2001.

4- عبدالرزاق محمد الدليمي، علم الجديد الصحافة الالكترونية، ط1، دار الوائل للنشر والتوزيع، الاردن، 2011

5- محمد حافظ: التسويق عبر الانترنت، ط1، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، 2009.

6- محمد علي البدوي، دراسات سوسيو اعلامية، جامعة اسكندرية، جامع البرسون، 2006.

7- ميشل هارا مبوسي، التجاهات العديدة في علم اجتماع، ترجمة احسان محمد و عبدالنعمان للحسنة بغداد.

8- ويكبيديا موسوعة حره

**نامەی ماستەر**

**عمر علی احمد: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژندا، نامەی ماستەر لەزانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی** 2012

**ڕۆژنامە**

1- **ابراهیم سەعید مرۆڤ لەسەردەمی ئینتەرنێتدا، ڕۆژنامەی چاودێر،** 2010

2- **سەعد عبداللە گوڵپی ڕۆژنامەی هاوڵاتی (سڕینەوەی گەنج لەهزری دەسەڵات) .**

## پاشکۆ:

### فۆرمی را پرسی

**قوتابی بەڕێز: ئەم فۆرمەی لە بەردەستدایە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بە ناونیشانی (ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە خستنە روی بیری سیاسی لای گەنجان فەیسبوك بە نموونە),لە بواری راگەیاندن دا تکایە هاوکارمان بن بۆ وەلأمدانەوەی ئەم برگانەی لەی خوارەوە وەلأمەکان تەنیا بۆ مەبستی زانستی سوودی لیدەبینرێ. لە گەڵ ڕێزدا......**

**زانیارییە گشتی کان:-**

**1- تەمەن:** 18 -22 ( ) 23- 27 ( ) 28 – 35 ( )

**2- رەگەز:** نێر ( ) ، مێ ( )

**3- شوێنی نیشتەجێ بوون:** شار ( ) ، شارۆچکە ( ) ، گوند ( )

**4- ئاستی بژیوی** بەرز( ) ، مام ناوەند ( ) ، نزم ( )

**5- ئایا تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنیت؟** نەخێر ( ) ، بەڵێ ( )

**6- ئەگەر بەکاری ناهێنی, بۆچی؟** کاتم نىیە ( ) ، لێی نازانم ( ) ، هۆی تر ( )

**7- رۆژانە چەند کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنیت؟**

(1-2) ، (3-4) ، (5-7) ، (7زیاتر)

**8- ئایا فەیسبووك بەکاردەهێنیت؟** بەڵێ ( ) ، نەخێر( )

**9- ماوەی چەندە فەیسبووك بەکاردەهێنیت؟**

کەمتر لە ساڵێك ( ) ، 1-3 ساڵ ( ) ، 4 ساڵ زیاتر ( )

**10- بۆ چ مەبەستێك فیس بوك بەکاری ئەهێنیٚ؟**

پەیوەندی کردن ( ) ، وەرگرتنی زانیاری ( ) ، کات بەسەربردن ( ) **11- لە فەیسبوکدا چ بابەتێك زۆر بلاودەکەیتەوە :**

سیاسی (    ) ، كەسی (    ) ، ڕۆشنبیری (    ) ، هەمەرەنگ (    )

**12- ئایا بەهۆی فەیسبووكەوە بایەخدانت بەبابەتی سیاسی زیای كردووە؟**

بەڵێ (    ) ، نەخێر (    ) ، تارادەیەك (    )

**13- بەرای تۆ ئایا فەیسبوك تا چەند رۆڵی هەبووە لە گواستنەوەی ڕووداوە سیاسیەكانی كوردستان و ناوچەكە؟**

زۆر (    ) ، كەم (    ) ، تارادەیەك (    )

**14- ئایا بیرو بۆچوونی سیاسی خۆت لە فەیسبووك بڵاو دەكەیتەوە؟**

بەڵێ(    ) ، نەخێر(    ) ، تارادەیەك (    )

**15- ئایا تا چەند فەیسبوك رۆڵی هەبوو لە دروست كردنی بیری سیاسی بۆ تۆ؟**

بەڵێ (    ) ، نەخێر (    ) ، تارادەیەك (    )

**16- ئایا فەیسبوك كاریگەری هەبوو لەسەر گۆرینی بیری سیاسی؟**

بەڵێ (    ) ، نەخێر (    ) ، تارادەیەك (    )

**17- ئایا كۆمێنت ئەنوسی لەسەر پۆستە سیاسیەكان؟**

بەڵێ (    ) ، نەخێر (    ) ، تارادەیەك (    )